# چوار لاپەڕەی پرشنگداری داستانەکەی پیرشالیار

حەمەکەریم هەورامی

برانیە.. ئەم چوار لاپەڕەیە، چوار هەواڵە لە کۆگای مێژووی خەفەکراوی کوردەوە؛ لە هەورامانەوەگەیشتوون.. سەدان ساڵە چاوەڕوانن، خاوەنەکانیان وێڵەو لێیان تۆراوە.. خۆی بەخاوەنیان ناکات لە خشتەبراوە.. پێی شەرمە وەریانگرێتەوەو بیانخوێنێتەوە؛ لەبەرچی!؟ دیارە بێهۆشکراوە، یان لەخۆی ترازاوە..

ئەمە.. چوار لاپەڕەی سۆراخ نەکراوی ئەو داستانە خانەدانەیە کە دەرگای لەڕووی هاتنە ژوورەوەی میوانە نەگریسەکە دانەخست،

– ئەمە.. هەواڵێکە تەتەرێکی دڵسۆزی دنیای خۆی پەرستان لەودیوی مێژووەوە بە زارەکی بۆ ئەم دیوی هێناوە..

– ئەم چوار لاپەڕەیە.. سۆراخی ئەو کیژۆڵەیە دەکات کە لە ڕۆژی خەنەبەندانیدا یەخسیرکراو لەناو تاریکستانی سارای لمدا جەڵەبچی و باجگرو چۆدارو قۆڵچیەکان لاقو لەتەری خۆیان پێ گەرم دەکردەوە..

– ئەم چوار لاپەڕەیە.. پەیامبەری ئەو داستانە نەمرەیە کە سەدان ساڵە دەکوژرێ و ناکوژێتەوە، لە یادەوەری خەڵکی هەوراماندا هەر پرشنگدارە..

– ئەم چوار لاپەڕەیە.. سۆراخی مۆدزەکانی پیرشالیارو

باسی (کۆمسایە، باسی بەفرەکەیە، باسی گۆزە شکاوەکەیە، باسی پەتە پچڕاوەکەیە..

(١)

(کش بۆ ناوەوە)

پیر شالیاری هەورامان وەک لەو دەقە زارەکیانەدا کە باسی دەکەن ناوی «سیمیار» بووە.. وەختێ کە گەورە بووەو پایەیەکی بڵندی لەناو زانا زەردەشتییەکانی ئەو کاتەی هەوراماندا

بەدەست هێناوە، نازناوی پیر شالیاری بەسەردا براوە، دیارە ئەو نازناوە بەیەکێک دراوە کە لە هەوراماندا، لەناو هەمموو موغانەکان و زاناکاندا پایەدارتر بووە.. لەلاهوت و حیکمەتدا شارەزاو بەهرەدار بووە؛ پەناو یاگەی گشت راو تەگبیری ڕێنماییەکی ئاینی زەردەشتیان بووە، وێڕای ئەوەش پیاوێکی خواپەرست و بە نموود بووە، بەسەردەستەو سەرداری نەوەت و نۆ پیرەی هەورامان دەناسرێ و پیری پیران بووە..

گەورەیی و پایەیەکی وەهای هەبووە سەدان ساڵە چەرخی چەپگەڕی زەمانەو دوژمنان و ناحەزانی کورد لە هەوڵی ئەوەدان ئەستێرەی نموودی ئەو لە ئاسمانی کوردەواریدا بسڕنەوە بەڵام پێیان نەکراوە، تا ئەمڕۆش ئاسەوارو فەرمایشت و پەندو ڕێنماییەکانی دەماودەم دەگێڕدرێنەوە و خەڵکی ئەو دەڤەرە بە شانازی و شکۆمەندییەوە مۆدزەکانی دەگێڕنەوە..

هەندێکەسی ناشارەزا لە ترس و لەبەر خاتری خاتران، یان لەبەر نەهروژاندنی کۆنەپەرست و بێگانە پەرستان دەفتەر نفووسی بیانیان داوەتێ و بەو دەفتەرە سەربوردەو ڕەچەڵەکی ئەو پیاوە گەورەیان شێواندووە، بەو شێواندنە خۆیان پێ بردووەتە پێشەوە..

وەک لەسەربوردە زارەکییەکانەوە دەردەکەوێ، ئەو زاتە هێشتا منداڵ دەبێ دایک و باوکی دەمرن و ئەو بە هەتیوی بەجێدێڵن، مامەکەی کە ناوی (خوادا) دەبێ دەیباتە لای خۆی و بەخێوی دەکات، مامۆژنەکەی ئافرەتێکی گەلێ ناچیزەو دڵڕەق دەبێ، حەز ناکات شەوان لەگەڵیان بخەوێ، ئەویش ناچار دەبێ لە ئاخوڕی گەلەخان و لەکۆژی بزنەکاندا شەو بەڕۆژ بکاتەوە.. مامەکەی بۆ ئەوەی ماڵەکەی تووشی ئاژاوە نەبێ و ژنەکەی لێ نەتۆرێ لەناو ئاخوڕی مەڕو بزنەکاندا شوێنی بۆ خۆش دەکات، شەوانەش سەری لێدەدات..

خوادا هەست دەکات لەوکاتەوە ئەو کوڕە لەناو ئەو بزن و مەڕانەدا دەخەوێ، مەڕو بزنەکان لە کاوێژکردن ناکەون، لەتاو برسیەتیدا ناباڕێن، کە دەچێتە ناویانەوە پێیدا هەڵ ناشاخێن و کپ و هێمن و ئەوەندە تامەزرۆی ئالف نین.. ئیتر هەموو شەوێک سەری لێدەدا، تا شەوێکیان دەبینێ ئەو ئاخوڕەی کەئەوی تیا خەوتووە قەفقەف ڕووناکی لێ بەرز دەبێتەوە، کە ئەوە دەبینێ سەری سوڕ دەمێنێ، چەند شەوێکی تریش لە هەمان کاتدا سەری لێدەداتەوە هەمان دیاردە دەبینێتەوەو سەری سوڕ دەمێنێ، بەوەدا دەزانێ ئەو کوڕە لە ئایندەدا دەبێتە پیاوێکی خاوەن پایەو سایە.. لەلای ژنەکەی و لای کەس ئەو شتە نادرکێنێ.. لەوکاتەوە خوادا پتر ئاگاداریی دەکات و لەگیروگرفت دەیپارێزێ.. کە هەندێک بەناو تەمەندا دەچێ، دەیکەنە شوانی کاردیلەکانیان، بەیانی لە ماڵەوە بۆ لەوەڕ دەیانباتە ناو شاخ و باخ و ئێوارە دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بژاری کێڵگەی هەرزن و کێڵانەوەو پاک کردنەوەی درەختەکانی پێدەسپێرن، سەرەڕای ئەو ئەرکە قورسە مامۆژنەکەی داوای لێدەکات کە هەموو ڕۆژێ کۆڵێ چیلکەی وشکیش لە شاخ لەگەڵ خۆیدا بێنێتەوە ماڵەوە.. ڕایی کردنی ئەو کارانە بۆ مێرد منداڵێکی وەک ئەو کارێکی ئاسان نەبوو، کەچی ئەو بە ئاسانی و بەبێ ماندووبوون؛ بەرێکوپێکی ئەنجامی دەدان. مامەکەی دەیزانی ئەو منداڵە توانایەکی نهێنیی بەدەسەڵات یارمەتیی دەدات، دەنا ڕاییکردنی ئەو کارانە لە وێزەی مێرد منداڵێکی وەهادا نین، ڕۆژانە کە سیمیار دەچووە سەرکار، ئەویش لە دوورەوە

چاودێری دەکرد.. لە ماوەی ئەو چاودێرییەدا گەلێ شتی سەیرو عاجباتی لەو منداڵەوە بۆ دەرکەوت:

– بزنەو کاردیلەکان خۆیان بەناو دارو دەوەندا پەرت دەبوون و بەشوێن لەوەڕدا دەگەڕان و خۆیان تێر دەکردو تێکەڵاو بەکاردیلەو بزنەی خەڵکیتر نەدەبوون.. هەرکات سیمیار بیویستبایە بگەڕێنەوە لای شمشاڵەکەی دەردەهێناو بەپێی نەداو بەزمی ژەنینەکە هەڵسوکەوتیان دەکرد.

– کە ئێوارەش کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەهات شمشاڵەکەی بە نەوای گەڕانەوە لێدەداو، هەم کاردیلەکان لە دەوری خڕ دەبوونەوە، هەم کۆڵە چیلکەیەکی وشک خڕدەبوونەوەو تەلیسە دەبوون، کاتێ کە دەکەوتە ڕێی گەڕانەوە، سەری گوریسەکەی دەگرت و کاردیلەکان لە پێشەوە دەڕۆیشتن، کۆڵە چیلکەکە تا کەناری دەرگا بە شوێنیا دەکشا، لەوێ بەکۆڵ خۆیدا دەدا..

– بژارکردنی هەرزن و هەرشتەو زەڕات، خۆی پێیانەوە خەریک دەکرد، هەرکات پێویستی بکردایە، (کش)ی لێ دەکردن و گیا کێوی و ژەنگەڵ و باژەڵەکان خۆیان دەردەپەڕین.. کە مامەکەی ئەو شتانەی دی هەواڵی بۆ (باوە نەورۆز)ی شارەزووری- کە مەزارەکەی ئێستا لە دێی سەرگەتە نارد کە برازاکەی مۆدزەی سەیر سەیری لێ بەدەر دەکەوێ.. مامەکەی پیرخوادا درەنگ بەوەی زانی کە برازاکەی ڕۆژانە دەرفەتی وەردەگرت و دەچووە لای مۆغانەکەی ئەوێ خۆی فێری خوێندن و لەبەرکردنی ڕێنماییەکانی زەردەشت دەکرد..

ئیتر مۆدزەکانی سیمیار لە هەوراماندا دەنگیان دایەوە، تاوای لێ هات، بۆ تاقیکردنەوەی و دڵنیابوون بچێتە ئەودیو هەورامان و چاوی بە سیمیار بکەوێ.. کە چوو، دیی وا سیمیار بەدەم خوێندنەوەو لەبەرکردنی گاتاکانی ئەڤێستا خەریکی کێڵانی بن درەختەکان و بژارکردنە..

(باوە نەورۆز) خۆی لێی ئاشکرا ناکات و لێی نزیک دەبێتەوەو بەو گیاو باژەڵەی کە سیمیار بەری پێگرتوون و دەیەوێ بژاریان بکات دەڵێ: (کش ئەودەر) واتە (کش بۆ دەرەوە) گیاوگوڵەکە لەبن هەرزن و دەخڵەکان دەردەپەڕن و دێنە دەرەوە، سیمیار پێیان دەڵێ (کش ئەو دڵی) گیاکان وەک خۆیان دەگەڕێنەوە شوێنەکانیان، کە دووبارە (باوە نەورۆز) کشێکی تریان لێ دەکاتەوە، گیاکان لە شوێن خۆیان نابزون، بەوەدا بۆی دەردەکەوێ کە سیمیار لەو بەتواناو دەسەڵاتدارترە.. زانای سیمیار ڕوو دەکاتە (باوە نەورۆز)و پێی دەڵێ گەورەم (باوە نەورۆز) جا ئەگەر بە (کش ئەودەر) خۆمان و خەڵک فێر بکەین دەبێ سکی خۆمان بەشان خۆماندا بدەین و دەس و خۆش ئەندامەکانی کارمان لەکار بخەین و بە (کش ئەودەر) خۆمان خەست بکەینەوە..

(باوە نەورۆز) تێدەگات سیمیار مەبەستی چییەو بۆ وا دەڵێ.. تا ئەوکاتە ئەو پێی وادەبێ لەناو پیرەکانی هەوراماندا کەس باڵا دەستی نییە، کەچی زانای سیمیار بەسەریا زاڵەو ناتوانێ لە مەیدانیدا پەل بکوتێ..

(باوە نەورۆز) پلێکی تری بۆ تاقیکردنەوەی زانای سیمیار مابوو، ئەویش ئەو خیگەڕۆنە بوو کە بەناوی دیاری بۆی هێنابوو، ئەوەی بەکاڵی بیخواردایە تووشی (یاو) دەبوو، واتە تووشی لەرزو تا دەبوو، سیمیار لەڕووی نەزاکەتەوە ڕاستیی هێنانی ئەو خیگەڕۆنەی بەڕووی (باوە نەورۆز)دا نەدایەوەو بەڕێزەوە لێی وەرگرت..

کە (باوە نەورۆز) بەرەو ئەم دیوی هەورامان گەڕایەوە، زانای سیمیار خیگەڕۆنەکەی بەبێ

ئەوەی کەس دەستی لێ بدا لەگەڵ بارێک زەڕات و هەرزندا بۆی ناردەوە، بەراسپاردە سوپاسێکی بەتەوسەوەی لەسەر ئەو خیگەڕۆنەی بۆ نارد، کە (باوە نەورۆز) زانی پیلانی خیگەڕۆنەکەی ئاشکرابووە، باوەڕی هێنا کە کەس لە حیکمەت و ماریفەتدا ناگاتە زانای سیمیار، بۆیە هەواڵی بۆ سەرجەم پیرەکانی هەورامان نارد کە هەموو باوەڕ بە گەورەیی زانای سیمیار بێنن و بیکەن بە پیری خۆیان و پێی بڵێن: (پیرشالیار) واتە پیری هەموو پیرەکان، هەواڵیشی بۆ (کۆسەی هەجیج) نارد کە ئەگەر دەیەوێ گەورەیی سیمیار تاقی بکاتەوە با بەخۆی و مۆدزەکانییەوە، بڕوا بۆ لای، ئەوجا بۆی دەردەکەوێ کە شایستەی ئەوەیە پێی بووترێ: (پیرشالیار)..

(٢)

(ئاردی وارا)

وەیسە زۆر دڵتەنگ بوو، ئارەزووێکی نهێنی پاڵی پێوەدەنا کە بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە، وەک ئەو خەڵکانەیتری شاری هەورامان لە دەرەوەی دەگادا پێشوازی هاتنی کۆسەی هەجیجی پێ نەکرا، بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە، سەیرێکی ئاسمانی کرد دووکەڵێکی سپی لە ئاسمان دەهاتە خوارەوەو دەگای هەورامانی بەتۆزێکی سپی نوقوم دەکرد، لە تەمەنی خۆیدا بارینی بەفری وای لەو وەرزەداو بەوچەشنە نەدیبوو نە بیستبوو، سەیرێکی فەرەنجییەکەی بەری کرد بەفرێکی مەیلەو گەرمی لێ نیشتبوو، لە پایزی وەهادا بارینی بەفری وای نەدیبوو، تۆزو گەردەلوولوولی وەهاش رووی نەدابوو، پێی سەیر بوو ئاسمانی بێ هەور بەفر ببارێنێ، دڵتەنگییەکەی لێ بوو بەدڵەکزێ، لەناو حەوشەی ماڵەکەی خۆیدا، هەڵوەسەیەکی کردو راما، بەفرەکە تۆزێکی سپی بوو، دیی پاسەوانەی ماڵەکەیانی سپی کردووە، بەخەستی دەڕژایە سەر سانالەی سەر بانەکەیان، هەر لەوێوە سەیری سەربانی ماڵەکانی خوارووی کرد، دیی تۆزەکە بەخەستی کرێوەی دەکردە سەربانە ساو دراوەکانی گەرەکەکانی خوارەوە.. خۆی پێ رانەگیراو: بانگی ئافتاوی ژنی کرد:

- هۆ ئافتاو؟..
- هۆ بەڵێ...
- ئافرەت وەرە دەرەوە بزانە من چاوم رەشکەوپێشکە دەکات، یان شتێک روویداوە..

ئافتاو کە سەیری سەرو پۆتەڵاکی وەیسەی مێردی کرد، سەری سوورماو وتی: ئەوە بۆ وات لێ هاتووە! دەڵێی ئاشەوانی و تازە لە ئاش هاتوویتەوە.. وەیسە! ئەوە بۆ وا سەرو گوێلاکت بۆز بووە!.

- ئافرەت تۆ سەیری من مەکە .. سەیری سەر کوندەڵانەکەمان بکە، سەیری ئەو سەربانانەی خوارەوە بکە، لەوەتەی هەم، نەمدیووەو نەمبیستووە بەفری گەرم ببارێ یان تۆزی سپی لە ئاسمانەوە بێ و رهێڵە بکات.. (تەرسوو من تووشو یاوی بیەبوو ئافتاو)..

ئافتاو سەیرێکی دەوروبەری کردو سەری سوڕما، سەرسنگ و فەرەنجیەکەی وەیسەی تەکاند، یەکسەر هاواری کرد: (وەیسە ئاردی وارا، ئاردی..) چنگی لەو ئاردەی کە لەسەر کوندەڵانەکەیان باریبوو گیرکردو پڕ مشتێکی ماشییەوە، بەپەنجە بەسەریەکدا تێکیداو سەرە زمانێکی لێ داو چەشتی و دەنگی هەڵبڕی و وتی:

- ئەها وەیسە ئاردی وارا...

ئافتاو لە خۆشیاندا خەریک بوو باڵ بگرێتەوەو

هەر دەیووت (ئاردی وارا). وەیسە لەوە دەترسا ئافتاویش وەک ئەو تووشی (یاو) بووبێ و ئەو تۆز بارانەیان لێ بووبێ بەئارد باران، بۆیە وتی:

– ئافتاو دەنگ بەرز مەکەوە با خەڵک بەشێتمان نەزانن، (کەی ئاردی وارێنێ)..

ئافتاو پڕ هەر دوو چنگی ئاردی خڕکردەوەو بردیە بەردەم وەیسەو پێیوت؟

– کوڕە تۆ تەماشاکە ئەی ئەمە ئارد نییە، چییە؟!

لە مشتومڕی ئافتاو و وەیسەو سەرسوورمانیان لەو دیاردەیە، پوورە مەنیجی دەرهاوسێیا هاتە دەرەوە، ئافتاو زوو ئاردەکەی ناو مشتی پیشان داو وتی:

– (توخوا، مەتی مەنیج ئینە ئاردی نییەنێ؟).

پوورەی دنیا دیتە کە سەیری ئافتاو و سەربانەکەی خۆیان و جاجمە راخراوەکەی سەر سەکۆکەی خۆیانی کرد پڕ بوو لە ئارد یەکسەر هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان پان کردنەوەو دەستی کرد بەوێردو یاسنا خوێندنەوەو ستایشی یەزدانی مەزن (ئەهرۆمەزدا)ی کرد.. دوای تەواوکردنی وێردەکان، رووی کردە ئافتاوو، وتی:

– ئەی نازانی ئەمڕۆ کۆسەی هەجیج میوانی پیرشالیارە، دەیەوێ مۆدزەی خۆی بەو بنوێنێ، پیرشالیاریش دەیەوێ مۆدزەی خۆی بۆ ئەو بنوێنێ، بارینی ئەم ئاردە نیشانەی گەیشتنی کۆسەی هەیجەو خۆ نواندنی پیری سیمیارە.. ئافتاو ویستی دەفرو هەوەڕو کاسەو کەوڵ بۆگلێر کردنەوەی ئارد ئامادە بکات و کەنووی ئاردەکەیان بلەرپێنێ.. لەوکاتەدا دەنگێک بەناو دەگادا دەگەڕاو بە خەڵکەکەی رادەگەیاند: جارێ کەس ئارد نەماشێتەوە، تا کاروانەکەی کۆسەی هەجیج بەناو دەگادا تێدەپەڕێ، هەر ئافرەتەو بڕواتە سەربانی خۆی، بەدەست خەریکی ماڵینی ئارد بێ و بەچاو سەیری کەژاوەکەی کۆسەی هەجیج بکات.. ژنان کە گوێیان لە دەنگەکە بوو هەموو بە دەفرو هەوەڕەکانیانەوە چوونەوە سەربان و کەژاوەکەی کۆسەی هەجیج گەیشتە ناو دەگا، کاروانەکە کۆمەڵە کەرێکی تەڕک بارکراو بوو، سەرقافڵەیان ئێسترێکی بارکراوی دارکێکف بوو، لەسەر بارەدارەکەوە پیاوێک وەک کۆسە بەبەی هەمەدان سواربوو کڵاوێکی قوچی لەسەر نابوو، بە ئاسوودەیی وەک سانی سانان دانیشتبوو، دەستی بە ریشە شاشەکەیدا دەهێناو سەری ئەو دارمێوەی کە تەلیسە بارەکەی پێ تەنگ درابوو گرتبوو، پیاوێکی حوجی لاقۆر درێژ کۆتەرەیەکی قرۆڵی بەسەر شانەوە نابوو، رەشووی ئێستری سەر قەتارەکەی گرتبوو، لە پێشەوە بەنازو فیزێکەوە بەناو راستەڕێی دەگادا بەرەو ئاسانەی پیر شالیار دەڕۆیشتن.. کۆسەی هەجیج بارە تەڕکی ئەو هەموو وڵاغانەی بەمۆدزە کردبوون بەمارو هەر بارە مارێکی بە مارێکی شڵی درێژ بەیەکەوە شەتەک دابوون، خۆی لەسەر بارە مارە رەشەکانی ئێسترەکەی سەرقافڵە دانیشتبوو بەو مارە درێژە تەلیسەی کردبوون، کۆتەرەی سەرشانی پیاوە حوجەی رەشووگری ئێسترەکەی کردبوو بەدێوێک، کەچی لەمە گەیشتە کەناری دەرگای شالیار هەمووی لێ بوونەوە بە تەڕکە دار، ئەو تەڕکە دارەکانی کردبوون بە مار، کەچی لەوێدا لێی بوونەوە بەدار، بڕوای بەچاوی خۆی نەدەکرد، چەند جار چاوی خۆی هەڵپشێوی بۆ ئەوەی خۆی دڵنیا بکات کە کاری تێکراوە، کە دیی خەڵکەکە، لەخۆی و کاروانەکەی سەرسام نابن بۆی دەرکەوت مۆدزەکەی بەتاڵ بووەتەوەو پیری شالیار گەورەیی خۆی بەسەریدا زاڵ کردووە.. بەرامبەر بەترس

نانەوەی ئەو، ئاردی بۆ خەڵکەکەی باراندووە، لەو ساڵە بێ دەرامەتەدا ئاردی بۆ باراندوون و دڵی خۆش کردوون، کۆسەی هەجیج کە بۆی دەرکەوت لە پایەو سایەدا ناگاتە پیری سیمیار، لەسەر بارە دارەکە دابەزی و پێش کاروانەکەی کەوت، کە نزیکی پیرشالیار بووەوە سەری نەوازش و گەورەیی بۆ دانواندو پێی فەرموو:

– گەورەم من کردبێتم، تۆ نەیکەی.. ئەی پیری گەورە، ئەو بارە دارانەم دەزانی بۆ هێناوە؟ بۆ ئەوەی لە جەژنی (کۆمسای)دا مەشخەڵی ئاگرە پیرۆزەی پێ خۆش بکەن.. بە قسەکەی کۆسە پیر لە دڵێکی شادەوە زەردەخەنەیەکی خستە سەر هەردوو لێوانی، یەکسەر ئاسمانی (دەگاو هەورامانی) وەک ساماڵی دوای بەفر ساف و روناک بۆوەو بارینی ئاردەکە راوەستا، جگە لە سەربانەکان کە وەک بەت بە ئاردە سپییەکەی سەریان دەدرەوشانەوە، هەست بە گەردێک نەدەکرا کە دڵی شادی مرۆڤ سەخڵەت بکات...

کۆسە راموسانێکی گەرمی لەگەڵ زانای سیمیاردا کردوو چاوێکی بەسەر سەربانە سپییەکاندا گێڕا، لەگەڵ روانینەکەی ئەودا پیر ناو دڵی خوێندەوەو پێی وت:

– باش بوو ئەو هەموو ولاغانەت هێنا بۆ ئەوە بەشی خۆتان و (دەگاو هەجیجی) ئارد ببەیتەوە..

کۆسە کە ئەو نەزاکەتەی لە پیرەوەدی پەنجەی پەشیمانی گەزت و داوای بەخشینی لێکردو وتی:

– (وێت مەزانی کێ ئینەش پەنەکەردا..) پیر وتی:

– زانو، زانو.. ئانە باو نەورۆزە کەچەڵی هورنیای.. ئەویچ هەر وێمانە.. ئا، دارە مەڕیا کە تۆش وستی سەر وەڵێ تۆنە وێش لوابێ سەرش).. ئەو لە جیاتی ناردنی بارە هەرزن و هەڕشتەو زورات و خیگە ڕوون و کەشک و سیراژ (یاو)ی شارەزووری بۆ ناردووین.. (ئاد فیروکش پەی دەریما کەرۆنە، ئێمەیچ ئادما فیروکش پەی دلێ کەردەن)..

کۆسەی هەجیج چاک لە فەرمایشتەکانی پیرشالیار حاڵی دەبوو، بۆیە وتی:

– گەورەم تاکە دەسگیری ئێمە هەر تۆیت، تۆیش هەر بەگەورەیی وسەروەری خۆتی بکە..

***

(٣)

وەرویێ وارۆنە

دەنگەکە وا بڵاوبووبووەوە: (ئا؛ وەرویێ کە پیر شالیار جەماریفەتەنە نامێش بەرۆ «وارێنە»). بەڵام نەدەزانرا: (ئا؛ وەرویێ ساردەنە، یان گەرمە.. بەگەردە لولەنە یان کرێوەکەرە؟.. گێجیاوگێچ کەرۆ یان بە زریانەنە؟» وەروە تاوەروە کەوتێنە.. زانای سیمیار فەرماوانش: «وەرویێ وارۆنە، وەروە وەرێنە»)..

بەفرەکە لە سارایەکی لماویدا باریبوو، لیتاوەی کردبوو، (هەرەسەش هەڕەنە! سەرەو چێر نییەنە بەڵکو چێرەو سەرەنە) تۆقینی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بۆ هەر لایەک روو دەنێ بەربادی دەکات..

هەواڵەکە تا دەهات خەست دەبووەوە و سامناکتر دەبوو، خەڵکەکە بۆ منداڵ و زارۆکی خۆیان نەیان دەگێڕایەوە..

پیرشالیار لە (ماریفەت)دا وتوویەتی: ئەم جیهانە سرەوتی بۆ نییە، سرەوت دەزێ و کارەساتی دەبێ، کارەسات خاشاک دێنێ و دەیکاتە (دیمڵە شۆرە)و رووی پێ سواغ دەداو دەڕوا.. هەڵبەتە گەردوون بەو کارەی مەبەستێکی نهێنی خۆی هەیە..

خەڵکەکە لە (کۆمسای) گلێر بوونەوەو

گەرەکیان بوو ئەو هەواڵە ساغ بکەنەوە.. کە ئایا ئەو هەرەســـە (چێـــروســـەرە) بەرەو لووتکەی شاخەکان هەڵدەشاخێ و دەگاتە لای ئەوان؟... ئەگەر رووی لەوێ نا تەگبیر چییە؟..

تەگبیـر لای پیری پیـران: زانای سیـمیـارە.. (کۆمسای) پڕ لە خەڵک ببوو، چۆکیـان بەچۆکی یەکـتـرییـەوە نابوو، جـێی کـەسـێکیـتـری تیـا نەدەبووەوە، دەرزیت هەڵدایە نەدەکـــەوتە زەوی؛ چەند کەس لەوێ دانیشـتبوون بگرە ئەوەندەش لە تەک پیردا هاتن، کەخەڵکەکە دیتیـان پیـر هات ویستیان بچنە دەرەوە، تا جێ بۆ ئەوو ئەوانەی کە لە تەکـــیـــدا بوون بکەنەوە، ئەویش بەدەست ئامـاژەیدا کـە کـەس لە جـێی خـۆی نەبزوێ، کـە هەڵسان و دانیشتنەوە بە ئاسانی جێی هەموویان بووەوە، ئەوەش کـــە دەهات هەمـــدیس جـــێی دەبووەوە، خـــەڵکەکـــە ســـەریان لەو دیاردەیە سوڕمابوو، تەماشای خۆیان دەکردو لە بنمیچ و دیوارەکانی کۆمسای ورد دەبوونەوە، نەیاندەزانی ئایا ئەوان بچووک بوونەتەوە یان (کۆمسای) پان و فراوان بووە! یان شتێکی تر!.. سەرسوڕمان لەو مـــــۆدزەیە خـــــەریک بوو هەواڵی لافـــاوی (وەروە)کەیان لەبیر بباتەوە.. کە زانییـان ئەوە یەکێکە لە مۆدزەکانی پیر، هەموو دامرکانەوەو بەدڵ گوێیـان گرت و روویان کردە پیر کە بەواچە کورتبڕو هۆش زاخاودەرەکانی، بێدەنگی ئامادە بوان بجولێنێ...پیر یەکسەر هاتە سەر تەگبیرو وتی: (خاستەر ئانەن: یو جە ئێمە بلۆ پەی دۆڵەو (جەڵەولار)و (باغوبەرە)ی، سۆراخێ کەرۆ بزانۆ راستا: هورمزان کوژان.. راستا: ویشان شاردەنۆ گەورە گەورەکان؟.. بزانۆ شەڕو مەغلوبەی رەوش پەی کۆگەی نییەنەو نیازش کۆگەن..) پیر ئەمەی وت و دانیشـتـوان بۆ ئەو کارە روویان کردە پیر (خوادا) کە مامی پیرشالیار بوو، هەم یەکێک بوو لە پیـاوە دەمڕاسـتـەکـان؛ ئەو هەرچەند بە تەمـەن بوو، بەڵام درێژی تەمەن کاری تێ نەکردبوو، بەدەن پتـەوو چوست بوو، بەهۆش پیـاوێکی بە ئاوەزوو کـارمـەندو دنیـا دیدەو شـارەزاو زمـانزان بوو؛ بۆ کـاروان و کـەڵەک گـەلێ شـوێنان گـەڕابوو.. پیـر کەزانی خەڵکەکە ئەویان بۆ ئەوکارە دانا، ئەویش ئەو هەڵبـژاردنەی لا پەسـەند بوو. هەر ئەو رۆژە (پیر خوادا)و (هێشا) کە جاحێڵێکی گورج و گۆڵ بوو، توێشـەی رۆیشـتنیـان لە پشت خۆ بەست و بەرەو شـــارەزوور شـــۆڕبوونەوە، لەوێشـــەوە بەرەو گـــەرمـــەســـێـــر کـــەوتنەڕێ.. دوای چەند رۆژێک گەیشتنە دۆڵی (جەڵەولار)..

ئەوەی ئەوان لەو دۆڵەدا دییـان و بیـسـتـیـان، پیـاوی بە جەرگی زاڵە ترەک دەرد، خەیاڵ نەبوو، رووداو بوو لە خـەیاڵ بەدەر بوو، تا ئەوکـاتە شتی وا نەقەومابوو..

لە ترسی ئـەوەی نەوەک ئەوانیش بکـەونە ناو داوی بـەندبوون و ئەنـفـــــالەوە، زوو بـەرەو دوا گەڕانەوەو سوپاسی یەزدانیان دەکرد کە بەپێستی نەوەژێنراوی خۆیانەوە گەڕانەوە..

زانیـیـان کـە (وەروەکێ) لافـاوەکـەی خـەست کردووەتەوەو لە دوو قـۆڵەوە هەڵکشاوە، قـۆڵێکی بەرەو (ئەکـبـاتانە) و (نەهاوەند) بەرێکەوتووەو قـۆڵەکـەیتـری بەرەو هەولێـرو شـارەزوور تێی تەقـاندووە، چی یەخسیـرو زارۆک و کناچەو ژنی بەردەست کـەوتوون رەوانەی سـارایان کـردبوون.. خوادا و هێشـا زوو بەخۆ کەوتن بەری لێشـاوی ئەنفـال نەکـەوتن؛ بەناو زەل و قـامـیـشـەڵانی رووباری سیرواندا دزەیان بۆ کردو بەرچاو نەکەوتن و گـــەڕانەوە.. ئەوان نەیانزانیـــبـــوو بەر لەوەی بگەنەوە شـارەزوور لافـاوەکـە شـاری خـورمـاڵی

دەرکەی گشت شارەزووری تەخت کردبوو، کە گەیشتنەوە ئەویّ هەردووکیان یەخسیرکران، بەڵام (هێشا) بەنەخشەی پیرخوادا دەربازبوو، بەپەلە بەرەو هەورامان گەڕایەوە، هەواڵی نزیکبوونەوەی لافاوەکەو یەخسیربوونی پیرخوادای بە هەورامان گەیاند، چەند ڕۆژێک بەر لە گەیشتنی (هێشا) پیرشالیار کۆچی دوایی کردبوو، بۆ ماتەمینی پیر، پیاوان قوڵینجەکان و ژنان کراسەکانیان لە خوم نابوو، بە هەواڵی نزیک بوونەوەی لافاوەکەو یەخسیربوونی (پیرخوادا) ئەوەندەیتر دووکەڵی غەم نیشتە سەر پەڕەی دڵی خەڵکی هەورامان..

لە شارەزووردا لافاوی تۆقێن دەشتەکەی خنکاندبوو، پیر خوادایان بۆیە نەکوشت، دەیانزانی یەکێکە لە پیاو ماقوڵانی هەورامان.. نیازیان وابوو لوتکەی شاخەکان بە خامینەکانیان بشێلن وبەرەو ئەودیوو بڕۆن، بەڵام نەیاندەزانی لەکوێوە بڕۆن و چۆنی دەگەنێ.. ئومێدیان خستبووە سەر پیر خوادا کە چاوساغییان بۆ بکات و ڕێی چوونە ئەودیویان پیشان بدات.. بۆیە (حەمەد)ە ناوێکیان کرد بەچاودێری و هەموو ڕۆژێ لە کەلاڕۆژنەی بەندیخانەکەوە پارچە نانێکی بۆ شۆڕدەکردەوەو قسەی لە تەکدا دەکرد، وای نیشان دەدا کە بەزەیی پیادێتەوە؛ دەیویست بەو بەزەیی پیاهاتنەوە دڵی نەرم بکات و هەڵیخەڵەتێنێ و ئەوسا ڕێی چوونە ئەو دیویان پیشان بدا.. چەند مانگێک پیر لە زینداندا مایەوە، ئەوانیش هەر خەریکی تەفروتوناکردنی خەڵک و دەردانی گەنجینەو سامانی بەجێماوی خەڵک بوون..

(بەکرەسوور) کە سەرکردەی لەشکری لافاوەکە بوو، دەیزانی ئەو پیاوە لەناو هاو زمانی خۆیدا پیاوێکی پایەدارو خانەدانە، بۆیە نەیکوشتبوو هەتا بیکات بە دەستەبەری خۆ گەیاندنی یان خۆ بەدەستەوەدانی هۆزەکەی، دەنا پیاوکوشتن و ئاوخواردنەوەی لا وەک یەک بوو..

پیرخوادا لە زینداندا خەریکی خواپەرستی بوو، ئیتر حەوسەڵەی نەماو لە خۆی وەڕەس بوو.. ئەو (حەمەد)ەی کە هەموو ڕۆژێ لەتە نانێکی لە کەلاڕۆژنەوە بۆ شۆڕدەکردەوە، ئاگادارکردەو پێی وت: (ئەگەر بەرم نەدەن - سەوای کاولش کەروو- بە خەڵک بڵێ با لە شار بچنە دەرەوە..) ئاگاداری ئەوە نەبوو کە شار داری بەسەر بەردییەوە نەماوەو خەڵکەکە تەفروتونا کرابوون، خانووبەرەوماڵیان تەخت کرابوو، سەرو سامانیان بەتاڵان برابوو، ئەوەش بەر پەلاماریان نەکەوتبوو پەنای بۆ کێوو هەردەکان بردبوو، هەندێکیشیان لەناو قەڵای خورماڵدا خۆیان حەشاردابوو، نەشیان دەزانی مەبەست لەو بگرەو بەردەیە چیبوو!.. لەشکری پەلامارەدەری وێرانکار بۆ حەواندنەوەو پشوودانی دوای نغرۆکردنی ئەو شارەزوورە لە مێرگە پانەکەی نێوان (تەپەگوڵاوی) و (تەپەکوڕە)دا مۆڵ ببوو، (بەکرە سوور) ناوێک سەر لەشکریان بوو، کە قسەکەی (پیرخوادا)ی بۆ گێڕایەوە (کاولش کەرو) دایە بەر گاڵتەو قوشمەکردن و چاخکردنەوەی نەشوەی کەیل بوونی ئەو وێرانکارییە..

لەپڕ گەردەلوولێک هات و چی پووش و پلاشی ئەو شارەزوورە هەبوو هەمووی ماشییەوە، بەسەر مۆڵگەکەیانداو لە بنەوە دەوارو کۆڵیت و زنجەکانیانی بەمێخ و کاریتەوە هەڵکەندو کاسەو کەڵۆسیانی بەسەریەکەوە سەرەونخون کردو لوولی دان، تەمتوومانێکی ئەوەندە خەست بوو، ڕەشەبایەکی ئەوەندە بەتین بوو، هیچ شتێک خۆی لەبەریدا نەدەگرت، وڵاغ و وشترەکانیان وەک نەقیزەی ژەهراوی بەلا سمتیاندا بکەی، پەتیان

دەپساندو یاغی دەبوون و لەناو چاڵ و زەلکاودا لنگاو دەبوون.. پیاوەکانیش بەگوریسەکانی سەریان تووند خۆیان بەمێخی ولاغەکانیانەوە شەتەک دەداو دزداشەکانی بەریان لەملیان دەئالا. ئەو رەوشە توورەیی و نەفرەتی یەزدان بوو، بۆیان هاتەخوارەوە..

(پیرخوادا) لەسەر خۆ رووی بەرەو هەورامان ناو (حەمەد)یش لە پەنای ئەودا خۆی لەو کارەساتە رزگارکردو کەوتە دوی.. بەرەو دۆڵی (هانەگەرمەڵە) هەڵکشان بۆ ئەوەی لە رێگەی (وڵە دەرە)وە بگەرێنەوە شاری هەورامان.. (حەمەد) کە زانی رێگەی ئەو دیوو لە کوێوە دەڕوات.. بۆ ئەوەی زوو بگەرێتەوە ناو لەشکرە شێواو پەرپووتەکەی، بەشی ئەو لەو نەفرەتەدا تووشبوونی نەخۆشی (یاوو لەرز) بوو، لە دۆڵی (هانە گەرمەڵە)دا یاوەکە گرتی و کەوت، پیرخوادا خەرقەکەی خۆی پیاداو داوای لێکرد، لە ژێریدا ئارام بگرێ، تا دەڕوا هەندێ مێوەی ئەو ناو باخانەی بۆ شارۆ دەکات، (حەمەد) لە ژێر خەرقەکەدا خۆی مات کردو، لە ژێریشەوە خەریکی دەرفەت هێنان بوو کە خۆی بدزێتەوە و زوو بگەرێتەوە، کە زانی پیرخوادا ئاگای لێ نییە، دزەیەکی بۆ کردو بەرەو دوا گەڕایەوە.. پیرخوادا کە هاتەوە لای، خەرقەکەی لەسەر لادایەوە دیی گوم بووە، لە شوێن خەرقەکەیدا هەندێ بەردی کۆم کردو خەرقەکەی خۆی پیادان، نیشانە بوو کە ئەو کابرایە تا ئەوێ هاتووە، لەوکاتەوە ئەو شوێنە بووەتە مەزارگا پێی دەوترێ مەزاری (حەمەدی غەیبی)! خەڵکی ئەو دەڤەرە بۆ لەمل کەوتنی (یاوو لەرزو سێبەرۆ) دەچنە سەری..

پیر خوادا کە گەیشتەوە ئەودیوو لە هەوراماندا دەنگ بلاوبووەوە کە خوادا گەڕاوەتەوە، خەڵکەکە لە (کۆمسای) کۆبوونەوە، پیرخوادا بەمردنی پیرشالیار گەلێ مات و دڵتەنگ بوو، ماتبوونەکەی ئەوەندەیتر خەڵکەکەی سەرگەردان و غەمناک کرد، چونکە بەمات بوونەکەی ئەودا زانییان بەلا ناگەهانەکە لێیان نزیک بووەتەوە.. خەڵکەکە لە (کۆمسای) گلێربوونەوە، چاوەڕوان بوون پیرخوادا چیی دیووەو چیی بەسەردا هاتووە بۆیان بگێرێتەوە، خۆ ئەوان لەوە دڵنیاببوون کە ئەو بەلا ناگەهانە ئەوەندە سەرسەخت و چلێسە بەخوێن و تالان کردن نەبێ تەسەل نابێ..

پیرخوادا کە زانیی خەڵکەکە چایان بڕیوەتەوە دەمی ئەو، هەر ئەوەندە دەمی کردەوەو پێیانی وت:

«خەبەر بەردێ پەی پیرا — کارەکەرێ کارەکەرێ گێرا
ژەنی ژەنا لۆقنانێ — هەرێ شاخێ مزنانێ
گاوێ هێلێ کەرانێ — وشترێ زرنا ژەنانێ
و چکلێ دەگا سۆچنانێ — گەورێ هوونی مجنانێ

(٤)

**بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ لە گەورە مالان دی..**

کابرای جەربەزە سەری لێیان سوڕمابوو، نەیدەزانی چۆن لێیان تێک بدات، چاوی بە دیتنیان بەرایی نەدەهات، درەختەکانیان لەوەرزی بەرهەمداندا چۆک دادەن، مەڕو بزنەکانیان خۆیان رادەبن؛ بۆ لەوەڕ

دەچنە ناو هەردەو توناوتوونی باخەکان و ئێوارە دەگەڕێنەوە، کە دەزێن دووانەیان دەبێت، (سوخنەکەی) پیریان بەفر نابارێتە سەری، کێلی سەرگۆڕەکەی لە ڕۆژی نەورۆزدا نەبێ نا بردرێتەوە، هەر ساڵ کە نەهات بێ ئاردیان بۆ دەبارێ، لە سایەی پەندەکانی پیرشالیارەوە وەک یەک دەژین، هەموو ساڵێ لەنەورزدا ژیانێکی نوێترو بێگەردتر دەگرنە بەر، ئەم شتانەو زۆر ئادگاریتری مرۆڤانەیان دڵی ئەو کابرا نەگریسەی کوناودەر کردبوو، نەیدەزانی لە کوێوە دەرەقەتیان بێت و چۆن پاشقولەیان بدات.. لە پیرشالیارەوە بۆیان مابووەوە: هەموو ساڵێ لە ڕۆژی نەورزدا بە یەکەوە جەژنیان دەکرد، پیاوەکانیان لەکۆمسای خڕدەبوونەوە، دوای نان خواردن، دەچوونە سەر (سوخنەکەی پیرشالیار)و گەردنی یەکتریان ئازاد دەکردو (کێلەکە)یان دەبریەوەو پارچەکانی بۆ پیت و بەرەکەت بەسەر خۆیاندا دابەش دەکرد، هەندێ پارچەیشیان بەسەوقات بۆ دێهاتەکان وەک دیارییەکی پیرۆز دەنارد.. کێلەکە هەموو ساڵێک دەبردرێتەوەو ساڵی ئایندە وەک خۆی لێ دەهاتەوە، لەو ڕۆژەدا نەبوایە بەهیچ جۆر نەدەبردرایەوە..

بەو جەژنەیان دەوت: (جەژنی کۆمسای) کە یادەوەری ئەو (زەماوەند)ە بوو کە پیرشالیار (هەسارە) خاتوونی هاوسەری تیا مارەکردووە.. بۆ ئەو زەماوەندە هەر تیرەیەک دەسو دیاری خۆی بەو بۆنەوە داوە،ئیتر هەر ساڵێ کە یادەوەری ئەو ڕۆژە دەکەنەوە بەپێی فەرمانی پیر هەر تیرەی لەو ڕۆژەدا دیاری چی بووە، بەچەشنی ئەوە شتیان بەسەردا دابەش دەکرێ، هەتا ئەمرۆش ئەوە باوە.. ئەوی کابرا جەربەزەیە، کەسانێکی بیانی بوو، ئەو هەموو مۆدزانەو یەکبوون و یەک دەنگیەیان جیقەڵدانی نامەردی ئەو ئاوساندبوو.. کتێبی ماریفەتی لێ دزین، بۆ فێڵێ دەگەڕا کە تووشیان بکات و لە ڕەویەی پیرشالیار بیانترازێنێ، مالومێکی هێنایە ناویان، بەفێڵ خۆی کردبوو بە زیرگەوانی سوخنەکەی پیرو (کۆمسای) بەتەگبیری ئەوو کابرای جەربەزە فێڵێکیان بۆ سازدان.. کابرای جەربەزە خۆی لەخەڵکەکە تووڕە دەکات سزایان دەدات بەوەی هەریەک لەتەمەنی چواردە ساڵەوە بەرەو سەر هێلکەیەکی بۆ ببات، ئەوەی هێلکەی بۆ دەبرد لەریزی خۆیدا ڕای دەگرت و دەیدایە دەست کابرای مالومە، ئەویش هێلکەکەی سوور دەکردو لەبەرچاو ئەواندا لەریزی خۆیاندا لەناو مەنجەڵێکدا دایدەنان لە پەناشەوە ریزەکانی تێک دەدا، کە باجەکە دەدەن و تەواو دەبن، بەفێڵی نێوان کابرای جەربەزەو مالومەکە، گوایا کابرای مالوم دڵی پێیان دەسووتێ، داوای لێدەکات بیان بەخشێ و هێلکەکانیان بداتەوە، ئەویش گوایا لێیانخۆش دەبێ و بەمالومەکە دەڵێ کە هەر کەس هێلکەی خۆی بباتەوە، لەم لاشەوە مالومە کتێبێکی پیرۆزی داناوە، یەکە یەکە بانگیان دەکات و سوێنیان بەو کتێبە دەدات کە هەر کەسەو هێلکەی خۆی هەڵ بگرێتەوە، ئەوەی سوێن دەخواو هێلکەیەک هەڵدەگرێ، پێی وادەبێ هێلکەکەی خۆیەتی، بەو جۆرە فێڵە خەڵکەکە تووشی سوێن خواردنی بەناحەق و خواردنی حەرام دەبن، لەوڕۆژەوە، کە ئەو کابرا جەربەزەو ئەو مالومە تووشی حەرام خواردنی کردن، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ ئاردەکەیان بۆ نەباری، زۆر لە مۆدزەکانی پیرشالیاریان لێ گوم بوون، مەڕو بزنەکانیان وەک جاران نەمان کەم دووانەیان دەبوو، (کۆمسای)یش وەک جاران- تا هەموویان تیایدا دانیشن - بەرین نەدەبوو.. چونکە جێی کەسانی بیانیان لەناو

خۆداکردەوە!!.

پەراوێز

١- مۆدزە - موعجیزە.

٢- کـش ئـەودەر، کـش بـۆ دەرەوە ، (کـش ئەودلێ) واتە کش بۆ ناوەوە..

٣- (باوە نەورۆز) لە بناری هەورامـانی روو بە شـارەزوور، لەدێی سـەرگـەت، دانیـشـتـووەو، تا ئێستاش گۆڕەکەی جێنزرگەی خەڵکە.

٤- خێگەرۆن- هیزە رۆن.

٥- کۆسـەی هەجـیج... یەکـێکە لە پیـرەکـانی هەورامـان و لەدێ هەجـیـجی بنار چیـای شـاهۆ دانیشتووەو لەوێی کۆچی دوایی کردووە، گۆڕەکەی مـەزارگـای خـەڵکی ئەوێـیـەو، مـۆدزەی زۆری لێ دەگێڕنەوە..

٦- (ئاردی وارا) ئارد دەبارێ.

٧- (تەرسوو من تووشوو یاوی بیەبوو ئافتاو): دەترسم من تووشی تاوو لەرز بووبم ئافتاو..

٨- (کەی ئاردی وارێنێ): کەی ئارد باریووە.

٩- (تۆخـوا، مـەتی مـەنیج ئینە ئاردی نییەنی؟): توخوا پوورە مەنیج ئەمە ئارد نییە؟

١٠- (هەوەڕ): کاسەو کەوچک..

١١- (بارەتەڕک): بارەدار.

١٢- کۆمسای ئەو دیوەخانە بووە کە پیرشالیار تیایدا رامانی کردووە.

١٣- (دەگـا) دێ، بە شـاری ئەوکـاتەش وتراوە دەگا.

١٤- (ئاد فـێـرو کش پەی دەرێما کـەرۆنە، ئێمەیچ ئادما فێرو کش پەی دلێ کـەردەن): ئەو فێری کش بۆ دەرەوەمان دەکات. ئێمەیش ئەومان فێری کش بۆ ناوەوە کردووە.

١٥- (وەروێ وارۆنە) بەفرێک دەبارێ..

١٦- (ئا وەروێ کە پیرشـالیار جەماریفـەتەنە نامێش بەرۆ وارێنە) ئەو بەفرەی کە پیرشالیـار لە ماریفەتدا ناوی هێناوە باریوە.

١٧- (مـاریفـەت) مـەبەست کـتـێـبـەکـەی پیرشالیارە کە بەماریفەتی پیرشالیار بەناوبانگە..

١٨- (ئا وەروێ ساردەنە، یان گەرمە.. بەگەردە لوولەنە یان کرێوە کەرۆ؟ گێجیاوگێج کەرۆ یان بەزریانەنە؟. وەروە تا وەروە کـــەوتێنە، زانای سـیـمـیـار، فـەرمـاوانش «وەروێ وارۆنە، وەروە وەرێنە). ئەو، بەفـرە سـاردە، یان گـەرمـە.. بەگەردەلوولە یان کرێوەکەرە؟ گێجاوگێج دەکا یان زریان؟ بەفر تا بەفرکـەوتووە، زانای سـیـمـیـار فـەرمـوویەتی «بەفرێک دەبارێ بەفرەکـانیـتـر دەخواتەوە.

١٩- (خـاسـتـەر ئانەن، یو جەئێـمـە بلۆ پەی دۆڵەو «جەڵەولار» و (باغوبەرە)ی سۆراخێ کەرۆ بزانۆ راسـتـا، هورمـزان کـوژان، راسـتـا وێشـان شاردەنۆ گەورە گەورەکان.. بزانۆ شەڕو مەغلوبەی رووەش پەی کـۆگـەی نییـەنەو نیـازش کـۆگـەن). چاکـتـر ئەوەیە یەکـێک لە ئێـمـە بڕوا بۆ دۆڵی جـەڵەولارو باغـوبەرە، سـۆراخێ بکات و بزانێ راسـتـە، هورمـزانیـان کـوشـتـوون، راسـتـە گـەورە گـەورەکـان خـۆیان شـاردووەتەوە؟ بزانێ شـەڕی مەغلوبە رووی بەرەو کوێیە..

٢٠- جەڵەولار... ناوی (جەلەولا)ی ئێـسـتـا بوو لە نزیک کـەلاری ئێـسـتـاوە تا شـارەبان پێی وتراوە دۆڵی (باغـوبەرە)، کـە ئێـسـتـا شـاری (بعقوبە) ناوەکەی باغوبەرەیەو وای لێ هاتووە.

٢١- (کاولش کەرو) کاولی دەکەم.

٢٢- (ژیرلێ مـەرێ) پیـاوێکی ئەفـسـووناوی ناوچەی هەورامانە، گەلێ پەندی بەتێزو حیکمەت ئامـێـزی هەن، لەناو خـەڵکی هەورامـاندا کـە وترا قـسـەی (ژیرلێ مـەرێ)یە، واتە گـاڵتـەکـردنە بەهۆشی مرۆڤ..